# ئەو زەنگە ترسناکەی کە حکومەت نایبیسێت !!*

محەمەد کوردۆ



بە داخەوە ئەم وڵاتەی ئێمە بووە بە وڵاتی نەهەماتییەکانو رۆژ دوای رۆژ مرۆڤ هەست بە نائومێدی زیاتر دەکات.

من لێرەدا مەبەستمە قسە لە یەکێك لەو نەهامەتیانە بکەم، کە جۆرێکی دیکەو شێوەیەکی دیکەی تیرۆرەو مەترسی ئەم جۆرە لە تیرۆر زۆر لە تیرۆری گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان کەمتر نییە.

مەبەستم ئەو کوشتو بڕە کۆمەڵایەتیانەیە کە رۆژانە لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا روودەدەن.

جیاوازییەکی ئاشکرای ئەم تیرۆرە لەگەڵ تیرۆری گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکاندا، ئەوەیە کە ئەمیان تا رادەیەك بەبێدەنگی روودەداتو تا ئێستا شەڕی لە دژ رانەگەیەنراوەو یاسایەکی وەکو یاسای شەڕی دژە تیرۆری بۆ دەرنەکراوەو نە حکومەتو نە حیزبەکانو نە خەڵكو نە میدیاکانیش وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەداوەتەوەو لەسەر دەلالەتە قووڵو ترسناکەکانی نەوەستاونو رێوشوێنی بەرەنگاربوونەوەی نەگیراوەتەبەرو ....

بۆئەوەی بە ژمارەو بە بەڵگەو بە سەرچاوە قسە بکەم، لێرەدا بە کورتیو تێژتێپەڕانە ئاماژە بە چەند هەواڵێك دەکەم کە تێکڕا هەواڵی ئەو جۆرە لە تیرۆرنو سەرجەمیان لە ماوەی کەمتر لە یەك مانگدا (مانگی ئابی ئەمساڵ) روویانداوەو لە رۆژنامەو سایتەکاندا بڵاوکراونەتەوە:

1- پیاوێك منداڵێکی پێنج ساڵانەی خۆی دەخاتە نێو بیرێکەوەو دەیکوژێت.-سایتی هاوڵاتی-

2- لە گوندی خەرابەی نزیك عەربەت، کەسێك بە جیاوازیی دوو سەعات لە رۆژێکدا دوو برای خۆی کوشت.- سایتی پەیامنێر-

3- لە تاریكو لێڵی بەیاندا پیاوێك ژنەکەیو منداڵەکەی خۆی دایە بەر دەسڕێژی گوللەو هەردووکیانی کووشت.-کوردستانی نوێ-

4- لە خانەقین کچێکی تەمەن 11 ساڵ بە بەردو بلۆك کوژرا. -هاوڵاتی-

5- کچێك بە تۆمەتی سکپڕبوون کوژراو پشکنین دەریخست کە سکی پڕنەبووە. -سایتی ئاوێنە-

6- لە گەڕەکی رەزای شاری دهۆك دوو خوشك بەیەکەوە کوژران. -سایتی ئاوێنە-

7- لایەك لە سمێڵو برۆی گەنجێکیان بڕی. -سایتی ئاوێنە-

تەنها لە ماوەی دوو رۆژدا 22بۆ 8/23 سایتی پەیامنێر ئەم چەند هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە:

1- کوڕێك بە دوو گوللە باوکی خۆی بریندارکرد.

2-کوڕێك سێ گوللە لە ئامۆزایەکی خۆی دەدات.

3- لە هەولێر تەرمی گەنجێك دۆزرایەوە.

4-تاوانبارێك هەڕەشەی کوشتن لە هاوڵاتییەك دەکات.

5-لە شەڕێکی نێوان دوو گەنجدا یەکێکیان بریندار بوو.

6- تەرمەکەی نێو بازاڕی سلێمانی دوو رۆژ پێشتر کوژراوە.

لەیەك ژمارەی رۆژنامەی (رێبازی ئازادی)شدا کە رۆژی 8/28 بڵاوبۆتەوە، ئەم چەند هەواڵە بەرچاودەکەون:

1-تەرمی مێردمنداڵێك لە ناو زبڵدا دەدۆزرێتەوە.

2-کوڕێك تەقە لە باوکی دەکات.

3-هاوڵاتییەك دەدرێتە بەر دەسڕێژی گوللە.

ئەمانەو دەیان هەواڵی دیکەی لەمجۆرە تەنها لە مانگی ئابدا بڵاوکراونەتەوەو دڵنیاشم دەیان رووداوی دیکەی لەمجۆرە هەر لەو مانگەدا روویانداوەو هەواڵەکانیان بەردەستی رۆژنامەو سایتەکان نەکەوتووە.

ئاخۆ ئەمە لە هەندێ وڵات روویدات حاڵەتی نائاسایی راناگەیەنن؟

ئەدی ئێمە، بە خەڵكو حكومەتیشەوە، چ هەڵوێستێكمان لەمبارەیەوە هەبووە؟

من نازانم كەسێك توانیبێتی منداڵی خۆی بكوژێت، چۆن دەتوانین لێی دڵنیابین سبەی منداڵی ئێمەش ناكوژێت؟

كەسێك برای خۆی كوشتبێت چۆن برای ئێمەش ناكوژێت؟

راستە لە وەتی مرۆڤ هەیە تاوانیش هەیەو توندوتیژی شتێكی تازە نییەو شەڕو شەڕانگێزیی لە هەموو سەردەمەكاندا هەبووەو هەیەو دەبێت.

راستە ئەم حیكایەتە مەرگەساتبارانە لە سەردەمی هابیلو قابیلەوە دەستپێدەكەنو بە ناو هەموو چاخو سەردەمە جۆراوجۆرەكاندا درێژدەبنەوەو لە هەموو كۆمەڵگاكانیشدا روویانداوەو روودەدەن.

بەڵام ئاخۆ ئەمە مانای ئەوەیە دابنیشینو تەماشای دەركەوتنەكانی ئەو شەڕانگێزییە بكەین، یان دەبێت هەمووهەوڵێكمان بۆ جڵەوكردنو كۆنترۆڵكردنی ئەو شەڕانگێزییە بەكاربهێنین؟

ئاخۆ ئەم حكومەتەی ئێمە ناپرسێت: بۆچی رۆژانە ئەم كارانە روودەدەنو ئەو خەڵكانە چۆنە وا لە حكومەتو لە لێپرسینەوە ناترسن؟

بەبڕوای من بۆ تێگەیشتنێكی وردو درووست لەم مەسەلەیە پێویستمان بەوە دەبێت لە چەند لایەكەوە دراسەی هۆكارەكانی بكەینو چەندین مەڵبەندو سەنتەری توێژینەوەی تایبەتی بۆ دابمەزرێنینو خەڵكی زۆر باشیان بۆ كۆبكەینەوەو زۆر شتی دیكەش. بێگومان ئەمە بۆ ئەم وڵاتەی ئێمە لە خەونێك دەچێت كە تەنها خوا دەزانێت كەی دێتە دی، یان ئەسڵەن هەر دێتە دی؟!

بەڵام هۆكارێك كە زۆر ئاشكراو لە بەرچاوەو زۆریش مەترسیدارەو رۆڵی گەورەشی لە بەردەوامبوونی ئەو كارانەدا هەیە، ئەوەیە كە ئەم وڵاتەی ئێمە وڵاتی یاسا نییەو زۆربەی هەرە زۆری كێشەكان، بە تایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی شارە گەورەكان روودەدەن، بە شێوازی عەشایەریو لە دیوەخانەكاندا كۆتاییان پێدەهێنرێت.

ئەوەی كە دەوڵەمەندو پارەدارە كێشەی نییە، خەڵك دەكوژێتو پارەكەی دەدات.

ئەوەشی كە بێپارەیە سواڵی بۆ دەكاتو پارەی بۆ كۆدەكاتەوەو خۆی دەربازدەكات.

دەبێت ئەم كێشانە حكومەت رابچڵەكێنن و بیخەنە بەردەمی لێپرسراوێتیی یاساییو ئەخلاقیی خۆیەوەو چیدی رێگە نەدات ئەو خەڵكە بەو دەردە ببرێنو هەر رۆژەی بە بیانوویەكەوە بكوژرێنو سوكایەتییان پێبكرێت.

بەهیچ جۆرێكو بەهیچ بیانوویەكو لە هیچ حاڵێكدا كەس، نەك بۆی نییە خەڵك بكوژێت، بۆی نییە خەڵكیش ئازار بدات.

دەبێت حكومەت دادگاكان بەهێز بكاتو دادپەروەرییان تێدا دابینبكاتو هەر كەسێك ئەگەر هەقێكیشی لای كەسێك بوو لە دادگا داوای هەقەكەی بكاتەوە، نەك بە چەقۆو خەنجەرو تفەنگەوە بچێتە گیانیو خۆی چۆنی بەباشزانی وای لەگەڵ بكات.

پێویستە دوای ئەوەش كە دایكو باوكو كەسوكاری كوژراوێك لە بكوژی كوژراوەكەیان خۆشدەبن، حكومەت لێی خۆش نەبێتو سزایەكی راستەقینەی بدات.

چونكە حكومەتیش لە راستیدا دایكو باوكێكی دیكەی هاوڵاتییەكانێتیو ناچاریش نییە بە قسەی دایكو باوكە تەقلیدییەكان بكاتو كاتێك ئەوان لە كەسێك خۆشبوون ئەویش لێی خۆشبێت.

لە كاتی كوشتنی هاوڵاتییەكدا حكومەت جگە لەوەی بەكردەوە كەسێكی دەكوژرێت، لە رووی رەمزییشەوە یەكێك لە پایە گرنگەكانی كە سەروەریی یاسایە، دەڕوخێنرێت.

راستە لای ئێمەش شتێك هەیە بەناوی مافی گشتییەوە، بەڵام ئەوەش راستە كە وەكو پێویست كاری پێناكرێت.

باشترین بەڵگەش روودانو بەردەوامیی ئەو كوشتنو بڕینانەیە كە رۆژانە لەم وڵاتەی ئێمەدا روودەدەنو سوڵحی عەشایەرییان بۆ دەكرێتو ئەوەی حیسابی بۆ نەكرێت ئەو مافە گشتییەیە.

وەك لەو نموونانەی لە رۆژنامەو سایتەكانەوە هێنامانەوە دەردەكەوێت ئەم كۆمەڵگایەی ئێمە لەناو چ تیرۆرو پێشێلكارییەكی یاساییدا دەژیو حكومەتیش چەند بێخەمە.

لە وڵاتان جار هەیە رووداوێك زۆر شتی بنەڕەتی دەگۆڕێتو حكومەت ناچار دەكات بە یاساكانی خۆیدا بچێتەوەو یاسای تازەترو گونجاوتر دەربكات.

لەمبارەیەوە تەنها دوو نموونە دەهێنمەوە.

یەكەم: لە بەریتانیا، ژنێك -كە لەگەڵ پیاوەكەیدا لە ئاپارتمانێكدا دەژیا- كوژراو گومانیان خستە سەر پیاوەكەیو گرتیانو دوای ئەوەی

دادگایی کراو نەیتوانی بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێت، لە سێدارەیاندا.
دواتر کە ژنێکی دی لە هەمان ئاپارتماندا کوژراو دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت خاوەنی ئاپارتمانەکە کوشتویەتی، ئەوەش ئاشکرابوو کە ئەم پیاوە هیوایەتی ژنکوشتن بووەو ئەو ژنەش کە پێشتر کوژراوەو پیاوەکەشی لە سێدارەدراوە، بەدەستی ئەم کوژراوە.
دوای ئەم رووداوەو بۆ ئەوەی کەسێکی دی بەدەردی ئەو پیاوە نەچێت کە ژنەکەشی کوژراو خۆشی لە سێدارەدرا، سزای لەسێدارەدان بە هەموو شێوەکانیەوە لە بەریتانیا هەڵگیراو دواتر زۆر وڵاتی دیکەش، بەتایبەت وڵاتە ئەوروپاییەکان، دەرسیان لەم رووداوە وەرگرت و بەرلەوەی هاوڵاتییەکی خۆیان بەو دەردەبچێت، سزای لە سێدارەدانیان لابردو ئێستا ئەو وڵاتانە هەوڵدەدەن ئەو سزایە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نەهێڵن.
دووەم: ئەمریکا، لە جەنگی دووەمی جیهانییدا، دوای ئەوەی کەشتییەکی بەهۆی بۆردومانی ژاپۆنییەکانەوە، لە ئۆقیانووسی ئارامدا ژێر ئاو کەوت و پێنج سەربازی تێدا مردن کە هەموویان برای یەك بوون، بڕیارێکی تایبەتی دەرکرد.
بەپێی ئەو بڕیارە هەر سەربازێکی ئەمریکی برایەکی، یان زیاتری لە سەربازییدا بکوژرێت و خۆی بە تەنیا بمێنێتەوە، بەهیچ جۆرێك بۆ شوێنێکی نانێرن کە شەڕی تێدابێت.
ئەمەیان بە یاسا رێکخستووە.
کەچی لەم وڵاتەی ئێمەدا رۆژانە خەڵك دەکوژرێن و سوکایەتیان پێدەکرێت و حکومەت خۆی شپرزە ناکات.
لە هەر وڵاتێکدا کوشتنی تاقە کەسێك حکومەتی رانەچڵەکاند، کوشتنی دەیان کەسیش رای ناچڵەکێنێت.
پاراستنی راستەقینەی کۆمەڵگا لە پاراستنی تاکەکانەوە دەستپێدەکات و هەر کۆمەڵگایەك، بە خەڵك و بە دەسەڵاتیشەوە، نەیتوانی تاکەکانی خۆی بپارێزێت، ناتوانێت لە ئایندەی خۆی دڵنیابێت.
ئاخۆ ئەم کوشتوبڕانەی رۆژانە لەم وڵاتەی ئێمەدا بە ناوو بیانووی جۆراوجۆرەوە روودەدەن، مایەی ئەوە نین لە ئایندەی خۆمان بترسین؟
ئاخۆ ئەم رووداوانە زەنگێکی مەترسیدار نین لەبارەی ئایندەی ئێمەوە؟
ئاخۆ تاکەی حکومەت ئەم زەنگە مەترسیدارە نابیسێت؟
ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هیوادارم حکومەت وەڵامیان بداتەوە.

mhamadkurdo@yahoo.com

*ئەم نووسینە لە هەفتەنامەی (چاودێر) بڵاوبۆتەوە.